# ڕابوون بۆ ڕانەبوون

**هیدایەت مەلا عەلی**
**دانیمارك**

**ماوەیەکە بەلێشاو درامای تەلەفزیۆنی لە کەناڵە ئاسمانیەکانیەکانەوە نمایش دەکرێت ,بەشێکی زۆری ئەم درامایانە کە بەرهەم دەهێنرێت ئامانجی سیاسی لە پشتەو پەیامێکی تایبەت دەگەیەنێتە خەڵك بە گشتی و لاوان بە تاییەتی , دراماکان لە شێوەدا ئەیانەوێت واپیشانی خەڵك بدەن کە ئەرکیان گێڕانەوەی ئەو مێژووە سەختەیە کە خەڵکی کوردوستان لە سایەی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسدا گوزەراندویانە , لە کاتێکدا تەنها گێڕانەوەی و باسکردنی ڕابووردو هەموو شتێك نییە , گرنگ ئەوەیە ڕابووردو بۆچی دەگێڕیتەوەو باسی دەکەیت , ئەگەر کەسێك زۆر بە سادەی سەیری دراماکان بکات هەست دەکات بەشی زۆریان یەك ناوەڕۆکیان هەیە , هۆکەشی ئەوەیە کە دراماکان یەك ئامانجی سیاسی و یەك پەیامی کۆمەڵایەتی لە پشتە کە دەتوانێت مسۆگەری سەرکوتی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردوستان و لاوان بکات بە شێوەو جۆری جیاواز جیاواز , سەیری هەردوو درامای " گەردەلوول و ڕابوون " بکەین دەبینین ئەم دوو درامایەو بەشێکی زۆر لە دراماکانی تریش لە یەکدەچن و خەریکن بەدوو شێوە یەك بابەت نمایش دەکەن " بەهەمەنی قوبادی " دەڵێت دووبارە بوونەوە بەردەگرێت لە داهێنان , بەڵام ئامانجی دراماکان چونکە داهێنانی هونەری نییە سەیر دەکەیت سەرتاپای ئەم کارانە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی لەیەکدەچن و بینەر والێدەکات سەرەتای درامای ڕابوون لە کۆتایی گەردەلوولەوە ببینێت , دەلیلەکەشی ئەوەیە ئەم درامایانە نەك هەرناوەڕۆکە سیاسیەکەی تەنانەت کەسایەتی و ئەکتەرەکانی ناو بەرهەمەکانیش لەیەکدەچن " بەکر فەرەج " جارێك کرێکاری بارهەڵگرەو جارێکیش پینەچی , خۆشەویستی و دڵداری ناو دراماکان دەڵێی کۆپی کراون و کەسەکان هەمان دەور دەبینن .**

**لەگەڵ فراوان بوونەوەی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردوستان بە گشتی و لاوان بەتاییەتی دراماکانیش فراوانبوونەوەیەکی گەورەیان بەخۆیانەوە بینیووە , بەپێی هەڵچوون و چوونە پێشەوەی ناڕەزایەتیەکانی خەڵك و لاوان , ئەرك و ئامانجی دراماکانیش دەچنە پێشەوەو دەنگێکی جیاواز دەدەن بەگوێی تەواوی کۆمەڵگادا , کاتێك سەیری ئەم درامایانە دەکەیت وا هەستدەکەیت لەدوای ئازاری" 1991" کە دەسەڵات کەووتە دەست ئەحزابی قەومی لەکوردوستان ئیتر ژیان ڕاوەستاوەو ڕووداوەکان پێوویست بەگێڕانەوە ناکات و کۆمەڵگا بۆتە ماستی مەیوو , لەوانەیە نوسەران و دەرهێنەران بڵێن ئاخر ئێمە باسی سەرکوتی بەعس دەکەین , بەڵام ئەو پرسیارەش گرنگە کە بۆ تەنها سنورەکە تا ئەوێیەو لەدوای بەعسەوە مەلەفەکە دادەخرێت و پەردەیەکی دەدرێت بەسەردا , مەگەر مەئەسات و نەهامەتیەکانی ژیانی خەڵکی کوردوستان و لاوان ئێستا زۆر کەمە یان ئەتانەوێت بەناوی هونەرەوە بە خەڵکی کوردوستان بڵێن شەقی خۆماڵی ئازاری نییە .**

**من پێشوتر لەسەر درامای" گەردەلوول" قسەمکردوو تەنانەت لەسەر دووبارە کردنەوی هەمان دراما ووتارم نووسی , بۆیە ئێستا پێمخۆشە بەتاییەت لەسەر درامای " ڕابوون " لە سیناریۆ و دەرهێنانی " نەجم هۆگر " قسەی خۆم بکەم , درامای "ڕابوون" شێوازێکە بۆ گێڕانەوەی ڕابووردو یان سەرکوتێك کەڕووبەڕوی لاوانی کوردوستان کرابویەوە لەسایەی دەسەڵاتی ڕەشی بەعسدا لە گرتن و کوشتن و ڕاونان و سەرکوتی سەرەتایترین مافەکانیان , بەڵام ئەو ئەرکەی " ڕابوون " خستوویەتە ئەستۆی خۆی لە گێڕانەوەکەیدا بۆ ئەوە نییە کە کۆمەڵگا هوشیار بکاتەوە لەوەی ڕێگا نەدەن دەسەڵاتێکیتری وەك بەعس بەشێوەو ناوەڕۆکی جیاواز , بەسوونەت وحاکمیەتی سەرکوتگەرانەوە لەکوردوستان دووبارە بێتەوە ,هەلومەرجێك یاخود پێوانەیەك کە پەیوەندی نێوان لاوان و دەسەڵات دیاری دەکات ئەو پێوەرەیە کە " ڕابوون " وەك درامایەك دەهێنێتە مەیدان و لە مندالانی هونەری بەرگری لە دەسەڵات و جێخستنی هەلومەرجی ئێستای کوردوستان لە دایك دەبێت , کاتێك لاوان ناڕەزایەتی دەکەن و دوای ژیانێکی ئینسانی و پێشکەوتوخوازانە دەکەن کاتێك لاوان دێنە سەرشەقام و داخوازیان هەیە , کاتێك لاوان دەنگ بە دەستوور نادەن و بەشداری هەڵبژاردن ناکەن , کاتێك ئاوات و بەرژەوەندی لاوان پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ شێوەو حاکمیەتی دەسەڵاتدا , ئیتر دەسەڵاتیش پێوویستی بەوە هەیە بەچەندین شێوە ڕووبەڕوی ناڕەزایەتی و**

**داواکاریەکانی لاوان ببیّتەوە , دەسەلأت نایەویّت وەلأمی داواکاری و خواستەکانی لاوان بداتەوە , بۆیە پیّیان باشە بۆ وەلأمی داواکاریەکانی لاوان باشتر بلّیم بۆ سەرکوتیّکی هونەریانەی لاوان پیّوویستیان بە بەرهەم هیّنانی " گەردەلوول و ڕابوون " ەکان هەیە , دەسەلأتداران هەمیشە دەلّیّن لاوان پۆسالّی ڕەشیان نەدیوە بۆیە ناڕەزایەتی دەکەن و بەدەسەلأتی ئیّستا ڕازینین و بەرۆکمان دەگرن , هەمان کات لە لیّدوانی بەشیّکی زۆر لە ڕابەران و سەرکردایەتی ئەحزابی دەسەلأتدا هاتووە کە ستایشی بەرهەم هیّنانی ئەم جۆرە درامایانە دەکەن و , دەلّیّن با لاوان لە ڕیّگای ئەم بەرهەمانەوە ببینن و بزانن بەعس چیکردووە بەلاوان لەسەردەمی دەسەلأتی خۆیدا, واتە دەسەلأتداران لە ڕیّگەی پەیامی ئەم درامایانەوە دەلّیّن بە ئەمڕۆ ڕازیبن چونکە دویّنی بەعس زیندانی دەکردن و دەیکوشتن , دەسەلأت لە ڕیّگای ئەم بەرهەمانەوە دەیەویّت بەترسی ڕابوردو خەلّکی کوردوستان و لاوان بە ئیستا قایل و بیّدەنگ بکات , وەك ئەوەی خەلّکی کوردوستان بەگشتی ولاوان بە تایبەتی لە سایەیەی دەسەلأتی ئەواندا هیچی بەسەر نەهاتبیّت , ئەوەی ئامانجی سیاسی و هونەری ئەم درامایانە کۆدەکاتەوە ئەو چاو نوقاندنەیە کە لەئاست ژیانی خەلّك و ناڕەزایەتیەکانیان دەکریّت , هەر وەك ئەوەی کە دەسەلأت پیلانی بۆ داناوەو ڕووبەڕوی دەبیّتەوە , درامایەك قوفلّ دەدات لە ژیانی خەلّك بۆ " 15" سالّ و بە بانگەوازی " بەیانی زەماوەند بکەن " لە یەکیّك لە ئەلّقەکانیدا ڕاستەوخۆ دەیەویّت خەلّك و لاوان بۆ سەرەتا بگیّڕنەوە و " 15 "سالّ لە شەڕ , کاولکاری , فەسادی ئیداری , سەرکوتی ئازادی , پیّش لەشکری بۆ سووپای وولأتانی ناوچەکە , بردنی سەروەت و سامانی خەلّك بەتالأن , گریّدانەوەی چارەنووسی خەلّکی کوردوستان بە عیّراق و مەرکەزەوە , لەبیربەرنەوەو بلّیّن ئەوەی ڕوویدا قرچی هەلّماتیّنەو لەسەرەوە دەست پیّدەکەینەوە , لە خۆوە نییە نووسەران و دەرهیّنەرانی ئەم درامایانە ژیانی " 15 "سالّی نەوەیەك بەردەوام لەبیردەکەن و ڕابوردویان بۆ دەگیّڕنەوە , بە ڕیّکەووت نییە دەیان دیاردەی دژی ئینسانی کە یەخەی بە لاوان گرتوە چاوی ڕەخنەو بینینی ئەم نووسەرو دەرهیّنەرانە غافلّ دەکات و واپیشان دەدەن کە هەستی پیّناکەن,تۆ بلّیی بەرهەمهیّنەرانی ئەم درامایانە کوشتنی سەدان لاو لە شەڕی ناوخۆ و کوشتنی دەیان لاوی دیل و بیّسەروشویّن بوونی ژمارەیەکی بەرچاو هەتا ئیّستاش ئاگاداری نەبن , ئەگەر وایە من بانگەوازیان دەکەم بڕۆن و سەردانی سایتی کوردستانیوز بکەن بۆ ئەوەی ئەو لیستە بیّسەروشویّنکراوانەی شەڕی ناوخۆ ببینن کە ناوەکانیان لە " سوارە محەمەد ئەمین "ەوە دەست پیّدەکات و بە " تاریق نوری حەمەد " کۆتایی دیّت زیندانی کردنی لاوان , تەقەکردن لیّیان و کوشاتنیان لە کاتی ڕیّپیّوان و ناڕەزایەتیەکانیان نموونەی هەلّەبجە , کەلار , ئاکریّ و هەتادوایی ,کۆچی بەلیّشاوی لاوان بە ڕیّگای هاتونەهات بۆ دەرەوە تۆ بلّیی هەر لە خۆوەو بیّت و بە ڕیّکەووت بیّت , کەس هەیە لەوە دلّنیا نەبیّت کە خودی نووسەران و دەرهیّنەرانی ئەم درامایانە نەچووبنە پرسەو سەر گۆڕی سەدان لەو لاوانەی کە بوونە خۆراکی ماسی و بوونە نیشانەی فیشەکەکانی پاسدار و جەندرمەو بوونە نیّچیری قازانج پەرستی مافیاو سەرمایەدارەکان , توشبونی سەدان لاو بە بەکارهیّنانی مادە بیّهۆشکەرەکان و بەرزبوونەوەی ژمارەیان بە بەردەوامی , دیاردەی لەش فرۆشی و بازرگانی کردن بە کەرامەتی ئینسانەوە خۆکوشتن و بیّئومیّد بوون لەژیان , فەرزکردنی کۆنە پەرستی و دابونەریەتی دواکەووتوانەو بیروباوەڕی عەشرەت و پیاوسالاری , خۆ سووتاندنی عاشقان و خۆشەویستی کردن بە نهیّنی , هەڕەشە کردن لە ڕۆژنامەنووسان و دادگای کردنیان بە شیّوەیەك لەگەلّ بەرژەوەندی دەسەلأتدا بگوونجیّت , گرانی بازاڕو نەبوونی هیچ یاسایەك بۆ بەرگری کردن لە ژیان و گوزەرانی خەلّك ئەمانەو چەندین دیاردەی تری نیّو ئەو کۆمەلّگایەی ناوی کوردوستانە,کەچی لە نیّو دراماو بابەتە هونەریەکانی ئەم دەورەیەدا ئەمانە هیچیان جیّگایەکیان نییە , دەلیلی خالّی بوونی کارە هونەریەکان لەم دیاردانە شان خالّی کردنەوەی دەسەلأتە لەو نەهامەتیانەی بەسەر ئەم کۆمەلّگایە بە گشتی و لاوان بەتایبەتی هیّناویانە , بۆیە من بەو ئەنجامە گەشتووم نمایش کردنی " ڕابوون " بۆ ئەوەیە بەر بە " ڕابوون " ی خەلّکی کوردوستان و لاوان بگریّت لە بەرانبەر دەسەلأتدارانی ئیّستای کوردوستاندا . هیوادارم کاك " نەجم هۆگر " و سەرجەم بەشدارانی ئەو درامایە قسەو ڕەخنەکانم بە سنگیّکی فراوانەوە وەربگرن,بانگەوازیشیان دەکەم کە بەرهەم و کارە هونەریەکانیان بۆ پشتیوانی داواکاری و خواستەکانی خەلّکی کوردوستان بخەنەگەڕو بن بە بەشیّك لە بەیان کردنی داواکاریەکانی لاوان مامۆستایان , کریّکاران , کەمئەندامان , بیّخانەو لانەکان , خویّندکاران , پزیشك , فەرمانبەران و سەرجەم چین و تویّژەکانی کۆمەلّگا**